# کارکردن بە ڕاوێژی ئافرەتانی خواناس

[ کردي – کوردی – kurdish ]


**شێخ محمد جەمیل زینۆ**

**وەرگێڕانی: ئومێد عمر چرۆستانی**

**پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**



2015 - 1436

IslamHouse.com

# العمل بمشورة النساء الصالحات

« باللغة الكردية »


محمد بن جميل زينو

ترجمة: أوميد عمر علي

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز



2015 - 1436

IslamHouse.com

# كاركردن به ڕاوێژی ئافرەتانی خواناس

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ودروود وصەڵات وسەلام لەسەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمدی پێغەمبەری ئیسلام و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

**یەکەم :** فریشتەی وەحی جیبرەیل لە ئەشکەوتی (حراء) هات بۆ لای پێغەمبەری خوا (صلی اللە علیە وسلم) وپێی فەرموو : واتا : بخوێنە بەناوی پەروەردگارت، ئەو پەروەردگارەی کە بەدیهێنایت .

کاتێك پێغەمبەری خوا (صلی اللە علیە وسلم) لەپاش ئەم ڕووداوە گەڕایەوە ماڵەوە ترسێکی زۆری لێدەنیشێت ودەلەرزێت، چونکە تا ئەو کاتە ڕوداوێکی لەو شێوەیەی نەبینی بوو، ڕۆشتە لای خەدیجەی کچی خوەیلیدی خێزانی (خوای لێ ڕازی بێت) و بە ووردی باس ڕوداوەکەی بۆ کردو فەرمووی : من زۆر لەخۆم

دەترسم، خەدیجەیش لەوەڵامدا پێی ووت : نا وەاللەی خوای گەورە سووکت ناکات، زیانی تۆی ناوێت، چونکە تۆ صیلەی ڕەحم بەجێدەهێنیت، و یارمەتی هەژار ولاوازەکان دەدەیت، وبە ماڵ یارمەتی بێ دەرەتان ونەبووەکان دەدەیت، میوانداری خەڵك دەکەیت و نانیان دەدەیتێ، ولەکاتی لێقەومانی خەڵکدا بەهانایانەوە دەچیت، دوای ئەوە خەدیجە پێغەمبەری خوای برد بۆ لای وەرەقەی کوڕی نەوفل کە تا ئەو کاتەش لەسەر ئاینی مەسیح ( علیه السلام ) بوو، خەدیجە پێی ووت : ئەی ئامۆزا گوێ لەم برازای خۆتە بگرە، پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) ئەوەی بینی بووی بۆ ورەقەی گێرایەوە، وەرەقەیش ڕووی کردە پێغەمبەری خواو ووتی : ئەمە ئەو فریشتەیە (جوبرەیل) یە کە هاتووە بۆ لای عیسی (سەلامی خوای لێ بێت)، خۆزگە گەنج ولاو دەبووم، خۆزگە زیندوو دەبووم ئەو کاتەی کە گەل وهۆزەکەت دەرت دەکەن، پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) ڕووی کردە

وەرەقەی کوڕی نەوفل و پێی فەرموو : ئایائەوان من دەردەکەن؟ ووتی : بەڵێ، هەرگیز هیچ پیاوێك بەو پەیامەی تۆوە نەهاتووە، ئیلا گەلەکانیان وایان لەگەڵ کردوون، ئەگەر ڕۆژم بگاتە ئەو ڕۆژە، ئەوا زۆر چاك یارمەتیت دەدەم و سەرت دەخەم ( ئەم بەسەرهاتە ئیمامی بوخاری لە کتابی سەرەتای وەحی ڕیوایەتی کردووە ) .

تەماشا بکە وسەرنج بدە خەدیجە (خوای لێ ڕازی بێت) چۆن وبەچی شێوەیەك هانی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) دەدات کە بەردەوام بێت لەسەر بانگەوازەکەی، وپێی دەڵێت کە خوای گەورە وازی لێ ناهێنێت کاتێك دەبینێت کە پێغەمبەری خوا خاوەنی ئەو صیفەتە جوان وشیرینانەیە، وەك یارمەتیدانی هەژاران ولانەوازان وڕێزگرتنی میوان وهاریکاری کردنی بێدەرەتان ولێقەوماوان.

زانای ناودار ابن حەجەری عەسقەلانی لە ڕاڤەکردنی ئەم

فەرموودەیەدا دەڵێت : ئەم ڕووداوە چەند پەند وئامۆژگاری وفائیدەیەکی هەیە لەوانە :

١- دڵنەوایی کردنی ئەو کەسانەی کەتووشی ناڕەحەتی وڕووداوێکی چاوەڕوان نەکراو دەبن، بەوەی دڵیان دەدەنەوە کارەکەیان لەسەر سووك دەکەن وئاسایی دەکەنەوە لایان .

٢- ئەو کەسەی کە تووشی ڕووداوێك دەبێت باش وایە کە لای ئەو کەسانە باسی بکات کە جێگا متمانەی ئەون وباوەڕی بە ئامۆژگاریەکانی هەیە [ فتح الباري ٢٥/١ ].

لێرەدا من دەڵێم : ئەگەر هاتوو ئەو ژنەی کە پرس وڕاوێژی پێدەکەیت کەسێکی وەك خەدیجە بێت، ئەو کەسەشی کە ڕاوێژەکە دەکات پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) بێت، ئەمەش خۆی لەخۆیدا ڕێز و کەرامەتی ئیسلام دەگەیەنێت بۆ ئافرەتان .

**دووەم :** مەرجەکان لە عومرەی قەزادا : کاتێك پێغەمبەری خوا

(صلى الله عليه وسلم) لە نووسینی ئەو ڕێکەوتنە بویەوە کە کردی لەگەڵ قورەیشدا، و بەرێکەوتنی حودەیبیەیە ناسراوە، پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) بە هاوەڵەکانی فەرموو (( قوموا فانحروا، ثم احلقوا )) واتا : هەستن، پاشان هەدیەکانتان سەرببڕن، وسەرتان بتاشن، ڕاوی فەرموودەکە دەڵێت : واللەی یەك پیاو لە هاوەڵان هەڵنەسا جێ بەجێی بکات، تەنانەت سێجاریش دووپاتی کردەوە، جا کاتێك کە کەس هەڵنەسا بەجێ بەجێکردنی فەرمانەکەی، پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) ڕۆشتە لای (أم سلمة) ی خێزانی و ئەوەی بۆ باسکرد کە تووشی هاوەڵان بووە، ( أم سلمة ) خوای لێ ڕازی بێت، پێی ووت : ئەی پێغەمبەری خوا، ئایا تۆ حەز دەکەیت ئەوان ئەوە بکەن؟ هەڵسە قسە لەگەڵ کەس مەکە، وجەنابت خۆت هەڵبسە ووشترەکەی خۆت سەر ببڕە، وسەرتاشەکەت بانگ بکە سەرت بتاشێت، ئەوە بوو دەرچووە دەرەوە و قسەی لەگەڵ کەس نەکرد هەتاوەکو

ئەوەی ئەنجامدا، ووشترەکەی سەربڕی وسەرتاشەکەی بانگ کردو سەری تاشی، جا کاتێك هاوەڵان ئەوەیان بینی هەموویان هەستان و هەدیەکانیان سەربڕی و هەندێکیان دەستیان کرد بە سەرتاشینی هەندێکی تریان، تا ئەو ڕادەیەی لە غەم وپەژارەی ئەوەی کە چۆن فەرمانی پێغەمبەری خوایان شکاندووە، لە پەلە پەلی جێ بەجێ کردنی فەرمانەکەدا خەریك بوو یەکتری بکوژن ( ئەم فەرموودەیە ئیمامی بوخاری ڕیوایەتی کردووە ) .

ئەم ڕووداوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئافرەتی خواناس وچاك پرس وڕاوێژی پێدەکرێت لەکاروبارەکانی ئومەتدا، و لە پرسە گرنگ و چارەنووس سازەکاندا ڕاو وبۆچوونی وەردەگیرێت، هەروەها ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر ژیری و کامڵی عەقڵی (أم سلمة) ی دایکی باوەڕداران، کاتێك کە دەبینیت پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) پاش ئەوەی ڕاوێژی پێدەکات بەگوێی دەکات، وگرفتەکە کۆتایی پێ دێت .

ئەو دوو چیرۆك وبەسەرهاتەی باسمانکردن، بەسەرهاتەکەی خدیجە و أم سلمة، وپرس وراوێژ کردنی پێغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) پێیان لە ڕووداوە گرنگ وچارەنووس سازەکاندا، بەڵگەیە لەسەر پلەو پایە وڕێزی ئافرەتان لە ئیسلامدا، و لەهەمان کاتدا بەڵگەیە لەسەر بەتاڵی ئەو ووتەیەی کە داویانەتە پاڵ خەلیفەی دووەمی ئیسلام عومەری کوڕ خەتاب، کە گوایە وتویەتی : «**شاوروهن وخالفوهن**» واتا : پرس وراوێژ بە ئافرەتان بکەن و بەگوێیان مەکەن، پەنا بەخوای گەورە کە عومەری کوڕی خەتاب (خوای لێ ڕازی بێت) کارێك بکات پێچەوانەی کار وکردەوەی پێغەمبەری خوا و قورئانی پیرۆز بێت، لە کاتێکدا خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ وَأَمْرُهُمْ شُورَى بَيْنَهُمْ ﴾ [ الشوری: ٣٨ ]، واتا : باوەڕداران کار وفەرمانەکانیان بە پرس وراوێژ لەنێوان ئەکتردا ئەنجام دەدەن .

خوای گەورە پشت وپەنای هەموو لایەك بێت، ودروود

وسەلات وسەلام لەسەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمد المصطفی وئال وبەیت وهاوەڵ وشوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

سەرچاوە : پەرتووکی : تکریم الاسلام للمرأة

نووسینی : شێخ محمد جمیل زینۆ